# ژنی ڕۆژهەڵاتی

## لە ناو گۆشەی مردووی سێگۆشەی خەتەری بیردۆزێکی دژوار دا

**مەهاباد قەرەداغی**

کە بە شێوەیەکی ماتماتیکی، یان وردتر بڵێم کە بە گۆشەنیگایەکی ئەندازەییانە لە کێشەی ژنی ڕۆژهەڵات بە گشتی ڕادەمێنم، بیردۆزێکی دژوار خۆی دەسە پێنێت و، لە ناو ئەو بیردۆزەشدا سێگۆشەی خەتەر سەرەکیترینە و، لە ناو ئەو سێگۆشەیەشدا ژن لە ناو گۆشەی مردوودا دەبینم.

مەبەستم لە بیردۆزی دژوار، هەموو ئەو تیۆرییە نووسراو و نەنووسراوانەیە کە لە کلتووری داخراوو زەبروزەنگئامێزی زۆربەی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، ڕۆژانە کایەیان پێ دەکرێت و، ژن لە ناویاندا نە بەهایەکی ئاسایی و نە نرخێکی سروشتی هەیە. تیۆرییە نووسراوەکان یاساکانی دەوڵەت، شەرعی ئایینەکان و پەیڕەوەکانی پارت و ڕێکخراوەکانن. نەنووسراوەکانیش پێوەرەباوەکانی داب و نەریت و، ڕێساکانی خێڵ و، نۆرم و نرخاندنەکانی سیستەمی باوکسالارییین. ئەمانە بیردۆزێکیان پێکهێناوە دژوار و نارەوا و ناتەبا لەگەڵ خواست و هیوا و مافەکانی مرۆڤ بە گشتی و هی ژن بە تایبەتی. سەدان ساڵە ئەم بیردۆزە دژوارە نەوە لە دوای نەوە پیادە دەکرێت و، ژنیان لە ناو گۆشەمردووەکانی سێگۆشەی خەتەردا داناوە.

مەبەستم لە سێگۆشەی خەتەر، ئەو هەرەمی دەسەڵاتانەیە کە لە کۆمەڵگەدا، لە خێزاندا و لە دامودەزگا یاسایی و سیاسییەکاندا و لە ئاییندا ژنیان تیا ونە و، لە پایینی ئەو سێگۆشەیەدا ژن تووڕدراوە، بێ ئەوەی کەس بیبینێ.

لە یاسای ترافیکدا، گۆشەیەک هەیە بە ناوی گۆشەی مردوو، ئەم گۆشەیە ئەو شوێنەیە شۆفێر لە هیچ ئاوێنەیەکەوە نایبینێ، بۆیە لەو گۆشەیەدا زۆرترین ئەگەری ڕووداو و لەیەکدان و کارەسات لە ئارادایە.

لە هەرەمی سێگۆشە ئاسای دەسەڵاتەکانیشدا، بە تایبەتی کاتێ گۆشەی تیژی ئەم سێگۆشەیە دەسەڵاتێکە بە عەقڵی سەربازییانە و، بە یاسای ئایینییانە و، بە ڕێسای خێڵەکییانە کار و کایە دەکات، ئەوسا ژن لە خوارەوەی سێگۆشەی خەتەردا هەردوو گۆشە مردووەکەی بەردەکەوێت. لەو دووگۆشە مردووەدا، ژن بوونێکی دردۆنگانەی هەیە. وەک جەستە لە ئارادایە، بەڵام وەک ئامادەبوونێکی سەلمێنەرانەی ئەم بوونە و، وەک هێز و توانایەکی هزریی بڕەداری ناو کۆمەڵگە، خێزان و سیستەمی بەڕێوەبردنی دامودەزگاکانی وڵات، لە ئارادا نییە.

ژن لەم گۆشە نەبینراو و هەستپێنەکراوەدا لەسەر کەمترین سەرپێچی و یاخیبوون لەو بیردۆزە دژوارە، ڕووبەڕووی توندترین سزا دەبێتەوە.

ژنی ڕۆژهەڵاتی، لە گۆشەمردووەکانەوە دەنگی ناگاتە هیچ کوێ، کەس هەستی پێناکات و لەوێوە ناتوانێ کاریگەرییەکی بۆ سەر کێشەی خۆی هەبێت، چونکە لەو گۆشانەوە مەحاڵە بتوانێت خۆی بسەلمێنێ و کە خۆیشی نەسەلماندبێت ناتوانێت نە خۆی، نە کێشەی خۆی بناسێنێت.

بە واتایەکی تر، ژنی ڕۆژهەڵاتی هەتا لەو گۆشە مردووانە ڕزگاری نەبێت و، کۆمەڵگەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست هەتا بەو سێگۆشە خەتەرە و، لەو گۆشە تیژەوە وڵات و کۆمەڵگە بەڕێوە بەرن، مەحاڵە بتوانرێ گۆڕانکارییەک لەو بیردۆزە دژوارەدا بکرێت.

**ژنی ڕۆژهەلاتی چۆن لەو گۆشە مردووانە بێتە دەرەوە و، ڕووناکی ببینێ و هەناسەبدات؟**

**کۆمەڵگەی ڕۆژهەلاتی چۆن بەڕێوە بچێ، هەتا ئەم بیردۆزە نامرۆییە دژوارەی بگۆڕدرێ بە بیردۆزێکی مرۆییانەی سازگار؟**

هەر بە تێڕوانینێکی ئەندازەیی و ماتماتیکی بەم ئەنجامە دەگەم:

دەسەلاتی هەرەمی لە ئارادا نەمێنێت و، لە جێگەی ئەوە دەسەلاتێکی ڕووبەرفراوان بێتە ئاراوە.

کە دەسەلاتی هەرەمی لە ئارادا نەما، نە سێگۆشەی خەتەر دروست دەبێت، نەش گۆشەی مردوو. هێزی دەسەلاتیش لە شێوەیەکی ستوونییەوە (فەرمانی تاکەکس لە سەرەوە بۆ خوارەوە) دەگۆڕدرێت بۆ شێوەیەکی شاقوڵیی، چونکە دەسەلاتێکی هاوتەریب و بە یەکسانی و هاوسانی دابەشکراو لە ئارادا دەبێت.

کە دەسەلات شاقوڵیی بێت، ئیدی ژنیش بەشدارە لە هەموو بڕیارەکانی ژیان. ئەو بەشدارییەش ستاتووی بلند دەکاتەوە، بوونی وەک کارا دەسەلمێنێ و لە پلەیەکی هاوسان و یەکسان بەویدی دەبینرێت و کار و بەرهەم و بیرەکانیشی بینراو دەبن. کە ئەمانەش ڕووی دا، ئیدی ناکرێ فەرامۆش بکرێت ، چونکە ئیدی لە گۆشەی مردوودا نییە . ئەوسا قسە و کار و بوونی بایەخ پەیدا دەکات و بەرهەم و تواناکانی برەویان دەبێت. ئەوسا بیردۆزی دژوار لە کۆمەڵگەدا کاری پێناکرێت و، بیردۆزی نوێ، تێڕوانینی نوێ و بۆچوونی نوێ سەبارەت بە ژن دێتە ئاراوە .

ژنی ڕۆژهەلاتی لە گۆشەی مردووەوە دەنگی بە هیچکوێ ناگات. بۆیە خۆ ڕزگارکردن لەو گۆشەیە دەبێتە ئەرکی هەرە سەرەکی خەبات و تێکۆشانی. ستاتووی ژن لە گۆشەی مردوودا هێندە نزمە، کە نە دەبینێ، نە دەبینرێ، نە دەبیستێ، نە دەنگی دەبیسترێ.

لە هاوکێشەی گۆڕانکاری بیردۆزی کۆنباوی دژوار بۆ بیردۆزی هاوچەرخانەی سازگار پێویستە :

- دین و دەوڵەت جیا بکرێنەوە.
- دەسەلات لە هەرەمییەوە بگۆڕێت بۆ شاقوڵیی. بە یەکسانی و هاوسانی دابەش بکرێت.
- یاسای مەدەنی و هاوچەرخ سەروەر بێت. ئەم یاسایانەش ڕەچاوی بەندەکانی مافی مرۆڤ بە گشتی و مافی منداڵ و مافی ژن بە تایبەتی کردبێت.
- هەموو مرۆڤێ بەهرەمەند بکرێت بە داهاتی وڵات. هەموو مرۆڤێ بە ئەرک و چالاک بێت و، بەهرە لە مافەکانی خۆی وەربگرێت.

...

2004/01/16

**ستۆکهۆڵم**